Komala Party - Iranian Kurdistan
Central Committee

کۆمەڵە شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی

# ڕاگەیاندنی کۆمەڵە بە بۆنەی یەکی ئەیار
# ڕۆژی جیهانی کرێکاران

## پیرۆز بێت ئەوەڵی مانگی مەی

بە بۆنەی هاتنی ئەوەڵی مانگی مەی، ڕۆژی جیهانی کرێکاران، پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو بزووتنەوەی کرێکاریو چالاکانی نێو ئەم بزووتنەوەیەو هەروەها سەرجەم چالاکانی سیاسی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی هاوچارەنووس لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری دەکەین، پیرۆزبایی لە هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە لە ساڵی رابردوودا بە بیانوی چالاکیان بۆ دیفاع لە مافی کرێکاران و بزوتنەوەکەیان بە بێبەزییانەترین شێواز لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە کەوتنە بەر داپڵۆسین و ڕاپێچی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی کراون.

ئێمە لە کاتێکدا ڕێز لە هاتنی رۆژی جیهانی کرێکار دەگرین کە بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران زیاتر لە هەرکاتێک نوقمی قەیرانو لێکترازانی پێکهاتەی رابردووی خۆی بووە. قەیرانی ئابووری و داخرانی ناوەندە یەک لە دوای یەکەکانی بەرهەمهێنانو چوونە سەرەوەی ئاستی هەڵاوسان بە چەشنێک کە سنوری ۲۱ دەرسەدیشی بەزاندووە، زیاتر لە هەرکاتێک توخم و هێمای کۆمەڵگایەکی چینایەتیو بەڵا لێدراوی، بۆ لەشکری گەورەی هەزارانو بێکارانی کۆمەڵگای لەخۆ پێشان داوە. چینی کرێکارو زەحمەتکێشی کۆمەڵگا لە دوخی ئێستاو بە تایبەت لە ساڵی رابردوودا لەگەڵ شەپۆلێکی وێرانکار لە گرانی، بێکاری، نەدانی حەقدەستو هاتنە خوارەوەی نرخی حەقدەستەکانیانو یاسای بێ بەزییانەی کار لە ئێران بەرەوڕوو بوونەتەوە. بەم پێیە هەژاری ڕۆژانەی بنەماڵەکانیانو بێتوانایی لە کڕینی نانی سەرسفرەی ماڵو منداڵو سەرەتایی ترین خواستەکانی ژیانی ڕۆژانەیان، دۆزەخێکی بە تەواوی هەژێنەری بۆ ئەم چینە هەژارە دروست کردووە.

چینی باڵادەستی سەرمایەدارانی رانتخواری کۆمەڵگا، هاوتەریب و هاوبەرژەوەند لەگەڵ مافیای دەسەڵاتو ئابووری سپای پاسدارانو باقی دەسەڵاتدرانی رژیم، زیاتر لە رابردوو، پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانو هاوئاهەنگی لەگەڵ ئەم مافیایەیان رەچاو کردووە. گوشاری دژە کرێکاری ئەم چینەش بە پشت ئەستووری یاسای بنەرەتی دەوڵەت، شەپۆلێکی دیکە لە گوشاری ڕۆژانەی لە شوێنەکانی کارو بەرهەمهێنانی وردو کەلان بە سەر کرێکاراندا سەپاندووە. کەم بوونی حەقدەست، خۆپاراستن لە بیمەی کرێکاران لە کارگە پچووکەکان، نەبوونی ئەمنییەتی کاریو گیانی لە شوێنی کار، کاری تاقەت پڕوکێنو دەیان نموونەی دیکە، ئەو فاکتەرانەن کە چینی سەرمایەداری بەرژەوەندخواز لە ئێران بە هاوکاری

دەسەڵات، کردویەتە هەلومەجێکی نالەبار لە ژیانی رۆژانەی لەشکری بەرینی کرێکارانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان.

سەرەڕای ئەم هەلومەرجە نالەبارە ئابووریە، ساڵی رابردوو لە بواری سیاسیشەوە دەوڵەت بە نیسبەت بزوتنەوەی کرێکاری وەک یەکێک لە ئەکتیڤترین بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگای ئێران، بێرەحمانە هەڵیکوتاوەتە سەر بزووتنەوەی کرێکاریو بە هەر شێوازێک بۆی کرابێت سەرکوتێکی سیستماتێکی بە دژی چالاکانی کرێکاری بەڕێوە بردووە. سەندیکای ئوتوبوسرانانی تارانو کرێکارانی ئەم سەندیکایە لە ساڵی رابردوودا ویڕای بەرهەڵستکاری دژی سیاسەتەکانی دەوڵەت و پێداگری لە سەر مافەکانی خۆیانو سەرجەم بزووتنەوەی کرێکاری، خۆپیشاندانو ئیعترازی گەورەیان لە دژی دەستگیرکردنو ئازاردانی "مەنسور ئوسانلو"، رێبەری ئەم سەندیکایە لەخۆ پیشانداو شانۆیەکی دیکە لە خەباتکاری خۆیان هێنایە سەرشەقام. گرتنی "مەحموودی ساڵحی" بەرپرسی سەندیکاری کرێکارانی نانەواخانەکانی سەقز و خستە ژێرگوشاری ناوبراو لە زیندان بە بیانووی پڕوپوچەوە، یەکێکی دیکە لەو هەڵسوکەوتە دژە کرێکاریانە بوو کە ناڕەزایەتی زۆری لە ئاستی کوردستان و ئێران لێکەوتەوە و لە راگەیاندنەکانی جیهانیشدا، رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو. کرێکارانی نەیشکەری "هەفت تەپپە" زیاتر لە دووساڵە ئیعترازو مانگرتنی بەربلاوی خۆیان درێژە پێداوەو تا ئێستاش وەڵامێک جگە لە سەرکوتیان لە دەوڵەت نەبینیوە. زۆر نموونەی ئاشکراو بەرچاو هەر لە سەرەتای ساڵی تازە دەرخەری ناڕەزایەتی بەرینی کرێکارانی ناوەندە جیاوازەکانی ئێرانە بە دژی یاسای کارو مافە پێشێل کراوەکانیان:

لەشاری قەزوین رۆژی دوشەممە ١٩ی خاکەلێوە، زیاتر لە ١٠٠ کرێکاری گرێبەستی کارخانەی "ئەشکان چینی" لەبەردەم ئیدارەی کاری شاری "ئەلبۆرز" لە ئوستانی قەزوین کۆبونەوەو خوازیاری دانی حەقدەستە وەدواخراوەکانیان بوون. زیاتر لە ٤٠٠ کرێکاری کارخانەی قەندی نیشابور، حەقدەستی وەدواخراوی ٢ مانگی خۆیان پێ نەدراوە. لەلایەکی دیکەوە حەقدەستو مەزایای ٣ مانگی ٣٠٠ کرێکاری کارخانەی رستنو چنینی "ئێران بەرەک"ی گیلانیش نەدراوە. رۆژی دووشەممە، ١٩ی خاکەلێوە نزیک بە ٤٠٠ کەس لەکرێکارانی دەرکراوی شیرکەتی ئێران سەدرا لەبەردەم بینای ئوستانداری بوشێهر لەناڕەزایەتی بەدەرکردنی نایاساییو ناعادڵانەی خۆیان لەم کارخانەیە دەستیان داویە مانگرتنو ناڕەزایەتی دەربڕین. هەروەها نەدانی حەقدەستی مانگی رەشەممەی ساڵی رابردوی ١٢٠٠ کرێکاری مەعدەنی بەردی خەلوزی تەبەس، ناڕەزایەتی کرێکارانی ئەو مەعدەنەی لێکەوتۆتەوە. زیاتر لە٥٠ کرێکاری کارخانەی ئاردی زابوڵ لەئوستانی سیستانو بەلوچێستان لەناڕەزایەتی بەنەدانی حەقدەستە وەدواخراوەکانیان، دەستیان لەکار کێشایەوە.

لە کوردستان لەحاڵێکدا کە خاوەنکارانی پڕۆژەی بەنداوی "سیازاخ"ی دیواندەرە بەڵێنیاندا بوو کە لە سەرەتای ساڵی نوێ حەقدەستو مەزایای وەدواخراوی کرێکارانی ئەو ناوەندە بدەن، لەیەکەمین رۆژی کار لەساڵی تازەدا، حوکمی لەسەر کار دەرکردنی ١٠٠ کرێکاریان دەرکردوە. کارگەی سەدی "سیازاخ"ی دیواندەرە لەحاڵێکدا لەلایەن خاوەنکارانەوە دادەخرێتو کرێکاران لەسەر کار دەردەکرێن، کە ١٠٠ کرێکاری ئەو پڕۆژەیە تا ئێستا حەقدەستی وەدواخراوی ٣ مانگی خۆیان پێ نەدراوە. لەلایەکی دیکەو هەر لەو شێوەیە ئەمجارە لەشاری سەقز و بە پێی بڕیاری شورای شاری سەقز، بەرپرسانی

شارەداری ئەو شارە، ٨٠ کەس لە کرێکارانی شارەداریان، هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی ساڵی نوێ لە سەر کار دەرکردوە. هەندێ لەکرێکارانی لەسەر کار دەرکراوی شاری سەقز کە لەبەشەکانی خاوێن کردنەوە، گواستنەوەدا خەریک بەکار بوون، زیاتر لە ١٠ ساڵ پێشینەی کاریان لەشارەداریدا هەبووەو بە بیانوی بردنە سەرەوەی توانای چاکسازی لەچۆنیەتی دامەزراندنی کرێکاردا، لەسەر کار دەرکراون.

دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش وەک یەکێک لە دژە کرێکاریترین دەوڵەتان لە ناوچەکە، زیاتر لە هەرکاتێک لە بواری سیاسیو ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، تەنگی بە چینی کرێکار لە کۆمەڵگای ئێران هەڵچنیوە و رۆژ بە رۆژ زیاتر ئەم چینە هەژارەی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر زەختی ژیانێکی تاقەت پڕوکینەوە. ئەم واقعییەتە تاڵە، هاوکاتە لەگەڵ پڕژوبڵاوی بەرهەڵستکارییە کرێکارییەکان، نەبوونی سەندیکاو رێکخراوی یەکگرتوو و سەربەخۆی کرێکارانی بەشە جیاوازەکان و هتد.

لەوەها دوخێکداو لەبەرانبەر دەوڵەتێکی هەوسارپساوی دژی مافەکانی ئینسان، چینی کرێکاری ئێرانو سەرجەم بزووتنەوەی کرێکاری، سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپی سەر رێگەی، دەتوانێ ببێت بە یەکێک لە بەهێزترین دینامیزمەکانی گۆڕان لە دۆخی ئیستبدادی سیاسی ئێستادا. رێکخراو بوونو دامەزراندنی سەندیکاو یەکییەتییە کرێکارییەکان، دەتوانێ میکانیزمێکی سەرەکی بێت لە خزمەت دارشتنی ستراتێژێکی گەورەتری داهاتووی بزووتنەوەکەو وەدیهێنانی سەرجەم خواستە سنفیو سیاسییەکانی. بەلەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە هەلومەرجی ئێستادا، هەڵگری گەورەترین پوتانسیەلی کۆمەڵایەتی لە پێناو وەدی هێنانی ئامانجی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی نێو کۆمەڵگای ئێرانو کوردستانن، ئازاد کردنو رێکخستنی ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە بە مەبەستی بەربەرەکانێو خۆسازادانێکی گەورەتر لەبەرانبەر حاکمییەتی ملهوڕدا، دەتوانێ رەمزەی بەرەوپێشچوونی خەباتی سیاسی لە ژیانی سەختی رۆژانەی بزووتنەوەی کرێکاری و لە فەزای ئێستاکەی ئێراندا بێت. چالاکانو رێبەرانی کرێکاری پێویستە بە ناسینی ئەم زەرورەتانە بتوانن تاکتیکی گونجاو هەر لە مانگرتنەوە هەتا خۆپیشاندانو شێوازەکانی دیکەی چالاکی بزووتنەوەی کرێکاری هەڵبژێرنو هەلومەرجی ئێستای ئێران بە باشی هەڵسەنگێننو پلان بۆ داهاتووی بزووتنەوەکە دارێژن.

ئەوەڵی مانگی مەی لەم نێوەدا دەتوانێ گەورەترین رەمزی یەکگرتوویی کرێکاران لە سەرتاسەری ئێران بێتو جێگەی خۆیەتی کە لە ساڵوەگەڕی ئەم رۆژەدا، چالاکانو رێبەرانی کرێکاری، گەرمو گوڕتر و قایمتر لە رابردوو رێوەڕەسمەکانی رۆژی جیهانی کرێکاران بکەن بە هێمای یەکگرتوویی خەبات بە دژی دیکتاتۆری ئیسلامی لە ئێرانو بە ئامانجی دارمانی یەکجاری تاج و تەختی خواکانی زوڵم لە کۆمەڵگای قەیراناوی ئێران.

# سەرکەوێ بزووتنەوەی کرێکاری

## کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

٢٠٠٨-٤-٢٩ بەرانبەر بە ١٠ی گوڵانی ٨٧